بەربەرەکانی کردنی هەموو شێوەکانی توندو تیژی و تیرۆر و سەرەڕۆیی لە ناو کۆمەڵگای کوردستان

لیستی هاوپەیمانی کوردستان

لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان




# مێژووی پەیوەندییە نهێنییەکانی نێوان پشتیوانانی ئیسلامو ڕێکخراوی قاعیدە


نوسینی : حەسەن یاسین

بەڕێنمایی و لەژێر سەرپەرشتیی هۆبەی لێکۆڵینەوەی سیاسیی

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان


ئەم بەرهەمە زادەی تاوتوی کردنو بەدواداچونو شیکردنەوەی بڕێکی زۆری زانیارییەو پشت ئەستورە بەسەرچاوەی تایبەتو ئیفادەی هەندێ لەو ئەندامانەی گروپی پشتیوانانی ئیسلام کە لەماوەی ساڵو نیوی رابردوودا لەسلێمانیو موسڵو بەغداو کەرکوك لەلایەن دەزگای ئاسایشی حکومەتی هەرێمی کوردستانو هێزی نێودەوڵەتیی فرە ڕەگەزو هێزەکانی گاردی نیشتمانیی عراقەوە گیراون. جگە لەوە، لەهەندی بواردا بۆ ساغکردنەوەو پشت ڕاستکردنەوەی زانیارییەکان پشت بەپرنسیپی فرە سەرچاوەیی زانیاری بەستراو هەر زانیارییەك ڕێژەی لێ دڵنیابونی کەم بوو، تا ئەو کاتەی ساغدەکرێتەوە خرایەلاوەو لەو شوێنانەی کەپێویستی کرد، سوود لەو دیکۆمێنتانە وەرگیرا کەهەڵوێست بەرامبەر بەرووداوەکان وەردەگرن وەك نامە، فاکس، لێدوانی ڕەسمی، بڵاوکراوەو بەیاننامەی سەرکردەو حزبەکان.

## بەشی یەکەم

### پێشەکی:

ڕێکخراوی پشتیوانانی ئیسلام لەتوندڕەوترین گروپە تیرۆریستەکانی مێژوی سیاسیی کوردە. ئەگەرچی ئەم ڕێکخراوە لەساڵی 2001دا دامەزراوە، بەڵام ڕیشە فیکرییەکەی بۆ ساڵانێکی پێشوترو وردتر بۆ ڕۆژگاری سەرهەڵدانی بزوتنەوە ئوسولییەکانو وردە وردە چەکەرەکردنو پەرەسەندنی دیاردەی توندڕەویی ئایدیۆلۆژی لەدەرونیاندا دەگەڕێتەوە.

چەندەها فاکتەری ناوخۆیی و دەرەکی دەستیان لەپەیدابونی ڕێکخراوی پشتیوانانی ئیسلامدا هەیە. دەشی ئەم ڕێکخراوە بەلوتکەی توندڕەویی ئایدیۆلۆژیی ناو بزاڤە ئیسلامییەکانی کوردستان بژمێردرێ. پەیدابوونی ئەم ڕێکخراوە پەیوەندیی بەهەندێ فاکتەری ناوخۆییەوە هەیە وەك ململانێی سەختو دژواری ناوخۆی گروپە ئیسلامییەکانی کوردستان، شکستی بزاڤە ئیسلامییە ڕادیکاڵەکان لەڕاگرتنی هاوسەنگیی نێوان ئایدیۆلۆژیاو پێداویستییە سیاسییەکان، خراپیی باری ئابوریی کوردستانو درێژە کێشانی شەڕی ناوخۆو دوبەرەکیی ناوخۆیی. هەروەها هەندێ فاکتەری دەرەکیش ڕۆڵی گرنگیان لەپەیدابونی ئەم ڕێکخراوەدا هەبوە وەك کاریگەریی ئەزمونی ئەفغانستانو پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوی قاعیدەدا، بەڕادەیەك کەدواتر پشتیوانانی ئیسلام وەك لقی کوردستانی ڕێکخراوی قاعیدەی لێ هاتو چارەنوسی بەتەواوەتی بەچارەنوسی قاعیدەوە بەسترایەوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە بەشێوەیەکی تایبەت مێژوی پەیوەندییە نهێنییەکانی نێوان پشتیوانانی ئیسلامو ڕێکخراوی قاعیدە تاوتوێ دەکا.

ڕێکخراوی پشتیوانانی ئیسلام زادەی یەکگرتنی چوار باڵی ڕادیکاڵی ئیسلامییە کەبریتین لە:

1-هێزی 2ی سۆران کەساڵی 1994 لەکاتی شەڕی نێوان یەکێتیی نیشتمانیو بزووتنەوەی ئیسلامیدا دامەزراو ئاسۆ هەولێری کرایە لێپرساوی. ئەم هێزە وردە وردە بوو بەهەوێنی توندڕەویو شوێنی کۆبونەوەی توندڕەوە هەرە ڕادیکاڵەکانو زیاتر وەك گروپێکی سەربەخۆ، بەتایبەتی پاش کۆنگرەی 2ی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی، هەڵسوکەوتی دەکردو بەکرۆکی کاریگەری جوندولئیسلامو پاشان پشتیوانانی ئیسلام دادەنرێ.

2-گروپی حەماس کەساڵی 1998 لەبەشێکی ئەندامە توندڕەوەکانی ناو بزوتنەوەی ئیسلامی پێکهات کەبەرپاکردنی جیهاد لەکەللەی دابونو زۆر لەژێر کاریی ئەزمونی بزوتنەوەی تالیباندا بوون. هۆی ڕاستەوخۆی دامەزراندنی ئەم گروپە، ڕەتکردنەوەی ڕێککەوتننامەی ساڵی 1997ی تارانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیو بزوتنەوەی ئیسلامی بوو لەو بۆچونەوە کەدەست خستنە ناو دەستی عیلمانییەکان خزمەت بەئامانجەکانی ئیسلام ناکات.

3-گروپی تەوحید کەساڵی 2000 لەچەند کادیرو ئەندامێکی توندڕەوی ناو بزوتنەوەی یەکبونی ئیسلامی پێکهاتو ئامانجەکەی بەرپاکردنی جیهاد بوو لەدژی حزبە عیلمانییەکانو ڕواڵەتەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی.

4-باڵی ئیسلاح بەڕابەرایەتیی مەلا کرێکار کەوەك باڵێکی سەربەخۆ هەڵسوکەوتی دەکردو دیدێکی توندڕەوی بۆ مەسەلە سیاسییەکان هەبوو و زۆر لەژێر تەوژمی هاوپەیمانیی نێوان بزوتنەوەی تالیبانو ڕێکخراوی قاعیدەدا بوو.

هەر چوار باڵ لەژێر کاریگەریی ئەزمونی ئەفغانستاندا بونو لەرەفتارو هەڵسوکەوتدا هاوهەڵوێست بونو یەك دیدی توندڕەویان بۆ مەسەلەکان هەبو و یەکگرتنەوەیان لەچوارچێوەی ڕێکخراوی پشتیوانانی ئیسلام بوو بەهۆی باسك ئەستورکردنی گیانی توندڕەویی ئوسولی لەکوردستانداو هەڕەشە کردن لەئاشتیی کۆمەڵایەتی.

### نەسکی یەکەم

### هێزی 2ی سۆران

بزوتنەوەی ئیسلامی لەناوخۆدا گروپێکی کۆكو تەبا نەبو، چەندین باڵی تێدا دروست ببو کەهەر یەکێکیان لەئاوازێکی دەخوێندو خۆی بەموسڵمانتر لەوانی تر دەزانی، یاخود لانی کەم خۆی بەشایستەتر بۆ خزمەت کردنی ئامانجەکانی ئیسلامی سیاسی دادەنا. لەڕوی ئایدیۆلۆژیاوە، جیاوازییەکی زۆر لەنێوان بزوتنەوەی ئیسلامیو گروپە ئیسلامییە سونییەکانی تری جیهانی ئیسلامدا نەبوو بەڵام کارنامەی بزوتنەوەی ئیسلامی سەبارەت بەکوردستان تەمومژیو لێڵییەکی زۆری پێوە دیار بوو.

مەلا عوسمان عەبدولعەزیز توانیبوی جێیەك بۆ بزوتنەوەی ئیسلامی لەبزاڤی ڕزگاریخوازی کورددا بکاتەوەو بەشێوەیەکی گشتی وەك سەرکردەیەکی میانڕەوو خاکیو شەرعزان ناوی دەرکرد، جگە لەوەی کە لەژێر ڕابەرایەتیی ئەودا بزوتنەوەی ئیسلامی لەلای گروپە عیلمانییەکان ڕێزێکی تایبەتی هەبو. لەهەموی گرنگتر ئەوە بوو کەمەلا عوسمان ئەوەندەی پێی کرا، هەولێدا حزبەکەی تێکهەڵکێشی پرۆسەی سیاسی بکاو پەیوەندی لەسەر بنەمای دۆستایەتیو هاوکاری لەگەڵ حزبە عیلمانییەکانی کوردستاندا دروست بکا. هەر لەژێر ڕابەریی ئەویشدا بزوتنەوەی ئیسلامی لەهەڵبژاردنی ساڵی 1992ی پەرلەماندا ڕێژەی 6%ی بەدەست هێنا.

بەڵام لەناوخۆدا مەلا عوسمان هەڵسوڕانی حزبەکەی خۆی پێ کۆنترۆڵ نەدەکراو بەشێکی زۆری سەرکردەکانی تر کەلەو گەنجتر بون پێیان وابو ئەگەر بزوتنەوەی ئیسلامی ڕابەرێکی گەنجتری تری بۆ هەڵکەوێ، دەتوانێ دەستکەوتی زۆرتر بەدەست بێنێو زیاتر پەرە بەبزاڤی ئیسلامگەرا بدا. ئەو بەرهەڵستکارانە دەیانویست بزوتنەوەی ئیسلامی بەجۆشترو بەگوڕتر خۆی بنوێنێو ئومێدی ئەوەیان هەبو کەسەرکردایەتی لەحزبە عیلمانییەکان بسەننەوەو کوردستان بەرەو ئیسلامگەرایی بەرن.

مەلا عوسمان سەرەڕای ئەوەی کەڕێزو حورمەتی لەناو ئەندامانی بزوتنەوەی ئیسلامیدا هەبوو و لەهەمو سەرکردەکانی تر خۆشەویستتر بوو بەڵام پیریو پێکهاتەی سایکۆلۆژیی کە ڕێی پێ نەدەدا هەمیشە دەمی لەدەمی بەرهەڵستکارەکانی گیر بێو توشی مشتومڕو دەمەقاڵە بێ لەگەڵیاندا، وایان کردبوو نەتوانێ بەپێی پێویست بەرگری لەڕاو بۆچونەکانی خۆی بکات.

ئەو ململانێیە نێوخۆییە بوە مایەی ساردکردنەوەی بەشێکی زۆری ئەندامانی بزوتنەوەی ئیسلامی کەئەوەندەی بایەخیان بەمەسەلە ئایدیۆلۆژیو شەرعییەکان دەدا ئەوەندە بایەخیان بە ململانێ شەخسییەکان نەدەدا. ئەوانە پێیان وابو ئەو ئەرکەی ئەوان ژیانی خۆیانیان بۆ تەرخان کردوە، گەورەترە لەململانێی نێوان فلانو فیسار سەرکردەو هەر ململانێیەکی لەو جۆرە بەقازانجی سەروەریی ئیسلامدا ناشکێتەوە.

بەشێکی زۆر لەو ئەندامانەی لەڕەوتی پەیوەندییە ناوخۆییەکانی ناو بزوتنەوەی ئیسلامی بێزار ببون، لەساڵانی 1988-1990دا ڕیزی بزوتنەوەی ئیسلامییان بەجی هێشتو ڕویان کردە ئەفغانستان بۆ بەشداری کردن لەجیهاددا دژی حکومەتە کۆمونیستەکەی نەجیبوڵڵا.

لەناو بزوتنەوەی ئیسلامیدا دو عەرەب ڕۆڵی سەرەکییان هەبو لەهاندانی کوردەکان بۆ چون بۆ ئەفغانستان کەبریتی بون لەعەبدولشەهید لەهێزی حەسەن بەناو عەبدولباری لەهێزی شافعی. ئەم دو کەسە هاتوچۆی نێوان پاکستانو کوردستانیان دەکردو هەر جارەی کەدەهاتن، ماوەیەکی زۆر لەلای بزوتنەوەی ئیسلامی دایاندەکوتاو پەیوەندییان بەناوچە سوننە نشینەکانی عیراقەوە دەکرد. عەبدولشەهید لەشاری پیشاوەر لەپاکستان سەرپەرشتیی میوانخانەیەکی دەکرد ناوی نابو ماڵی عیراقییەکانو لەوێوە مجاهدە عیراقییەکانی بۆ ئەفغانستان دەنارد، خۆیشی خەڵکی بەغدا بوو بەڵام جگە لەم کارە هاتوچۆی وڵاتانی تریشی دەکرد تا لەدواییدا لەئەریتریا کوژرا. عەبدولباریش هەمان ئەرکی لەئەستۆدا بوو و کاتێك دەچۆوە پاکستان کاری لۆجستیکیی دەکرد. لەوانەی لەو ماوەیەدا لەڕێگای پاکستانەوە چون بۆ ئەفغانستان مەلا کرێکار، عەلی وەلی، ئەیوب ئەفغانی کەدواتر بونە سەرکردەکانی گروپی پشتیوانانی ئیسلامو هەندێکیان لەشەڕەکانی ئەفغانستاندا کوژران وەك سەید کەمال.

تا ئەو کاتە گروپی تالیبان پەیدا نەبوو بوو بەڵام ڕێکخراوی قاعیدە توانیبوی خەڵکانێکی زۆر لەهەمو شوێنێکی جیهانی ئیسلام بۆ شەڕکردن لەدژی ڕوسەکانو حکومەتەکەی نەجیبوڵڵا بنێرێ بۆ ئەفغانستان. ئەو کوردانەی چون بۆ ئەوێ لەناوچەی خۆست لەسێ سەربازگەی سەدا، فاروقو خەلدون مەشقیان پێ کراو سەرپەرشتیارانی ئەو سێ سەربازگەیە لەو کاتەدا عەرەب بون لەوانە ئەبو ئیسلامی میسری، ئەبو دەجانەی سعودی، ئەبو غەسانی جەزائیری، جولیبی یەمەنیو هیتر.

پاش ڕاپەڕینی ساڵی 1991 زۆربەی ئەو کوردانەی لەئەفغانستان بون، گەڕانەوەو

**لەناو بزووتنەوەی ئیسلامی دا دوو عەرەب ڕۆڵی سەرەکیان هەبوو لەهاندانی کوردەکان بۆ چوون بۆ ئەفغانستان کەبریتی بوون لەعەبدولشەهیدو عەبدولباری**

پەیوەندییان بەبزوتنەوەی ئیسلامییەوە کردەوە بەڵام ئەو چەند ساڵەی لەئەفغانستاندا بەسەریان بردبوو، ئەوەندە گیانی توندڕەویو ڕەتکردنەوەی ڕای بەرامبەریان تیایاندا سەقامگیر کردبو هەستیان دەکرد بزوتنەوەی ئیسلامی ساتوسەودا لەگەڵ حزبە عیلمانییەکاندا دەکاو ئەرکی جیهادی خۆی لەبیر خۆی بردۆتەوە. هەمو هەوڵو تەقەللای ئەوانە بۆ ئەوە بوو کەزیاتر بزوتنەوەی ئیسلامی بەرەو توندڕەوی بەرنو ئەزمونی ئەفغانەکان لەبەرپەرچدانەوەی ڕوسەکانو حکومەتی نەجیبوڵڵادا لەهەرێمی کوردستان دوبارە بکەنەوە، بەتایبەتی بەرامبەر بەهێزە عیلمانییە چەپەکانی وەك یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

لەو ماوەیەدا مەلا کرێکار فێرگەیەکی بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی توندڕەوی کردەوەو ئاسۆ هەولێریش لێپرسراوەتیی مەڵبەندی 3ی هەولێری بزوتنەوەی ئیسلامیی وەرگرتو شاڵاوێك لەنێو بزوتنەوەدا لەلایەن کوردە ئەفغانەکانەوە بۆ شێتگیرکردنی بزوتنەوەی ئیسلامیو تێوەگلاندنی لە(جەنگێکی پیرۆز)دا دژی عیلمانییە چەپەکان دەستی پێ کرد.

### ڕووداوەکانی ساڵی 1993

بەم پێیە، بەشێکی زۆری ئۆباڵی گرژبونی پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیو بزوتنەوەی ئیسلامی لەساڵی 1993دا لەئەستۆی ئەو ئەندامانەی بزوتنەوەی ئیسلامی دابو کە لەئەفغانستان گەڕابونەوە یاخود ئەزمونی ئەفغانستان سەرسامی کردبونو خولیای دوبارەکردنەوەی ئەم ئەزمونە لەکوردستاندا لەکەللەی دابون.

ساڵی 1993 بەهۆی سەرەڕۆیی بەشێکی چەکدارە توندڕەوەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی، زنجیرەیەك پێکهەڵشاخان لەنێوان یەکێتیی نیشتمانیو بزوتنەوەی ئیسلامیدا رویدا لەوانە لەکفری کەتوانرا بەهەوڵو کۆششی شێخ محەمەد بەرزنجی دەستیان بەسەردا بگیریو ڕێ بەپەرەسەندنیان نەدری. بەڵام گەورەترین تەنگژە ئەو تەنگژەیە بوو کەڕۆژی 20ی کانونی یەکەمی 1993 لەڕانیە ڕویدا، کاتێك توندڕەوەکان نمایشێکی سەربازییان بەناو شاردا دەست پێ کردو بە بەردەم بارەگای کۆمیتەی ڕێکخستنی ڕانیەی یەکێتیی نیشتمانیدا تێپەڕینو کتوپڕ بەشێکی چەکدارەکان هێرشیان کردە سەر بارەگای کۆمیتەکەو کارگێڕی مەڵبەندی 6ی سۆران محەمەد سوڵتانو پێنج ئەندامی یەکێتییان شەهید کرد.

ئەم ڕوداوە سەرنجی بەلای مەترسیی بیروباوەڕی توندڕەوەکان ڕاکێشاو بوە خاڵی وەرچەرخان لەچۆنێتیی هەڵسوکەوت لەگەڵیاندا. کوردستان یەکەم وڵات بوو لەجیهاندا کەئەزمونی ئەفغانستان تیایدا ڕەنگی دایەوە. لەم ڕوداوە بەدواوە، شەڕی سەختی نێوان یەکێتیی نیشتمانیو بزوتنەوەی ئیسلامی دەستی پێ کرد.

بەرەی سەرەکیی شەڕەکە لەچوارقوڕنەدا بوو کە لەو کاتەدا گەورەترین سەربازگەی مەشقی بزوتنەوەی ئیسلامیی لێ بوو و هەمو ئەوانەی لەئەفغانستان مەشقیان دی بوو، وەك مامۆستا وانەیان تێدا دەوتەوە.

هەوڵێکی زۆر درا پڕیشکی شەڕەکە ناوچەی تر نەتەنێتەوەو لەم ڕووەوە بەتایبەت هەوڵێکی زۆر درا شەڕ لەناو شاری هەولێر لەنێوان هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیو بزوتنەوەی ئیسلامیدا نەقەومێو لەم ڕووەوە لەناو بزوتنەوەی ئیسلامیدا کەسانێك هەوڵیاندا شەڕەکە هەولێر نەگرێتەوە چونکە لەو بڕوایەدا بون کەئەگەر شەڕ لەهەولێر بقەومێ، هێزەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی بەرگە ناگرنو تێك دەشکێن. بەڵام باڵە توندڕەوەکە کە لەو کاتەدا ئاسۆ (ئەسعەد محەمەد حەسەن) لەهەولێر نوێنەرایەتیی دەکرد، دانی بەخۆدا نەگرتو ڕێنماییی بۆ لایەنگرەکانی دەرکرد کەدەست بەهێرشکردنە سەر هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانی بکەن. لەم سۆنگەیەوە، شەڕ هەولێریشی گرتەوە.

شەڕەکانی هەولێر بەپاکتاوکردنی هێزەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی کۆتاییی هاتو زۆربەی چەکدارەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی بڵاوەیان لێ کردو خۆیان شاردەوەو هەڵمەتێك بۆ ڕاوەدونانی لایەنگرەکانیان دەستی پێ کرد.

بەشێکی زۆری چەکدارەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی لەسەر سنوری عیراق-ئێران گیرسانەوەو پاش ئەوەی ئاسۆ خۆی دەرباز کرد، گەیشتە سەر سنورو لەخڕی نێوزەنگو زەڵیو قاسمەڕەش بارەگای دانا.

بەهۆی شکستەکەوە، بەشێکی زۆری ئەندامانی بزوتنەوەی ئیسلامی وازیان هێناو هەیبەتی مەلا عوسمانیش وەك ڕابەری بزوتنەوە لەق بوو و ئەمەش دەرفەتێ بۆ نەیارەکانی ڕەخساند کەزیاتر تانەو تەشەری لێ بدەنو گوناهی شکستەکەی بخەنە ئەستۆ. شکستەکە سەرەڕای ئەوەی کەکاریگەر بوو بەڵام زیاتر بوو بەهۆی ڕق هەڵگرتن لەیەکێتیی نیشتمانیو لەنێو ئەو باڵەی کە زۆر لەژێر کاریگەریی ئەزمونی ئەفغانستاندا بوو زیاتر گیانی قینو تۆڵەو توندڕەویی چەسپاند.

ئاسۆ هەمو هەوڵو ڕەنجی خۆی بۆ سەرلەنوێ کۆکردنەوەی ئەندامە پەراگەندەکان تەرخان کردو پاش هەوڵو تەقەللایەکی زۆر توانی هەمو ئەندامە زویرو نارازییەکان بۆ ئۆردوگای پەنابەرانی پیرشێخ لەنێوان هەردو گوندی دوئاوو پیرشێخ لەئێران بانگهێشت بکا. لەو کۆبونەوەیەدا کەبایەخێکی زۆری هەیە، بڕیاری دروست کردنی دو هێز درا، یەکێکیان هێزی 1ی بیتوێن بوو، ئەوی تریان هێزی 2ی سۆران بوو و ئاسۆ کرا بەفەرماندەی هێزەکە. لەسەرجەمی پێنج کەس لەسەرکردەکانی ئەم هێزە، دواتر دوانیان، واتە ئاسۆ هەولێریو ئەیوب ئەفغانی (کامەران مەولود کاکل عەلی)، گروپی جوندولئیسلامیان پێکهێنا.

لێرە بەدواوە، هێزی 2ی سۆران بوو بەکوانویەك بۆ لەخۆ کۆکردنەوەی ئەندامە هەرە توندڕەوەکانی ناو بزوتنەوەی ئیسلامیو تەنانەت تا ماوەیەکی زۆر وەك هێزێکی دەرەوەی کۆنترۆڵی سەرکردایەتیی


لەبەشی دووەمی ئەم زنجیرە وتارەدا


باس لەدروستبوونی سەنتەری ئیسلامی و پەیدابوونی ئەبو وائیل وتوندڕەوە عەرەبەکان و سەرەتای پەیوەندیکردنیان بەگروپە ئیسلامیەکانەوە دەکرێت